

# هەڵبژاردن و دیموکراتی لە نێوان ویستي سەرکۆزەری*1 دەسەڵاتی کەپیتالیست و داخوازی هوشیاری جەماوەر دا !!

**جەزا چنگیانی**

ئیفلاتوون پیوایە . کە دیموکراتی ئامێزخوازی چینە پلیشاوە و هەژارەکەی کۆمەڵگایە *2. ئیفلاتون ئەم بیردۆزە هزریەی لەسەر ئەو ڕاستیە بونیادناوە کە لە کۆمەڵگاکانی مرۆیدا هەمیشە زووربە هەژارە و سەرکۆزەر ( نخبە ) چینی خاوەن سامان و زەوی و زارەکانن . بۆچونەکەی ئیفلاتون لەوەشەوە سەقامگیر بووە کە لەسەردەمی دروستبوون و کۆی دەسەڵاتدا . کەنیسە داکۆکی لە دەسەڵاتی ڕەهای سەرمایەداری زەوی و سەرەتاکانی سەرماییە مادیەکان کردوە . بۆچوونێکی لۆژیکە هەموو هزر و تیورێك بەری بیرکردنەوە و هزری ڕۆژە . کارتێکەری گرفت و سنوری گرژی ئازارەکان و پێداویستیەکانی ڕۆژ تیورە مادی و هزرە مەعنەوەیەکان دەگۆرێ . بۆیە کەمکردنەوەی نرخ وبیر وبۆچۆنی ئیفلاتون لەودانیە کە ئیمڕۆ دیموکراتی بە پلەی یەکەم ویستی خاوەن بەرژەوەندی و سەرمایەدارەکانی جیهانە نەك هەژاران . لەسەردەمی ئیفلاتووندا ئەگەر هەژاران وبێ مافەکان بۆ بەدەستهێنانی ویستە چینایەتی و مرۆریەکانیان پەنایان بردبێتە بەر دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا . ئەوا ئیمڕۆ چینی کەپیتالیست بۆ مسۆگەرکردنی دەسەڵاتی خۆی و قورخکردنی ئابووری و بازاڕ دانانی لەمپەر لەبەردەم بزوتنەوە ئۆپۆزسیۆنەکانی دەرەوەی چینی کەپیتالیزم دیموکراتی و لیبریالیەتی بازاڕی بە گەڕخستووە . ئەوتا لە شێوەی گلۆبالیزەکردنی بازاڕی جیهاندا گڕمۆڵەیان کردوە . لە کاییەی گڕمۆڵەکردنی سەرمایە لە دەست چەند کوومپانییێەکی مۆنۆپلی جیهانیدا . یانی کنتڕۆڵکردنی شێوەی بەرهەمیهێنان و هێزی کار و سەرمایە .

مۆڕاڵی سەرمایە لە سەر ئاستی قۆرخکردن و کەڵەکەکردنی سەرماییەی زۆر گۆشکراوە . کەواتە ئەگەر بۆچونەکەی ئیفلاتون لە سەردەمێکدا ڕاست بووبێت . دیموکراتی خۆاستی چینە پلیشاوەکانی کۆمەڵگا بووبێت . ئەوە لەم سەردەمەدا . سەردەمی گەشەکردنی تەکنەلۆژیا وشەپۆلی گلۆبالیزم وتاك جەمسەری کەپیتالیزمی جیهانیدا بێ ئۆپۆزسیۆێن . ئەوە دیموکراتی ویستی چینی باڵای کۆمەڵی ئیستای کۆمەڵگای جیهانە . کە لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی سارد وشکستی بلۆکی سور ئەمەریکا بە تاقانەی

مایەوە . هەوڵدان و دەستێوەردانی دیموکراتەتیزەکردنی کۆمەڵگا نا دیموکراتییەکان . گشتی لە پێناوی کزکردن یان سارکردنەوەی ووزەی کۆمەڵگایە لە ئاستی داخۆازییەکانیان و شۆرشێکی بەرفراونی وادا کە بەرژەوەندیە باڵاکانی کەپیتالیزم بخاتە دۆزی بڤە و کۆمەڵگا بەرە و دژایەتیکردنی توندڕەوانەی دژی کەپتالیزم بەرێ . لە هەموو ریکۆردیکی ( کێبەرکێ ) نێوان هێزە دژەکاندا . ئەگەر دوو تاکیش بن . هەمیشە لایەنی لاواز دۆڕاوە و لایەنی بەهێز براوەیە . لە دوای ساڵی 1917 و شۆرشی بەلشەفیەکانەوە و بە هۆی ڕۆمانسی کردنی هزری مارکسیەوە . تا ساڵی 1989 و هەرەسی بلۆکی سور . ئەو بلۆکە سورە هەر تۆژینەوەیەکی لە تکدا بکەیت . فایرۆسێکی کۆشندەی بیر و هزری ڕەسەنی چینی چەوساوەی کۆمەڵگا بوو. وەلی چونکە لە گۆڕەپانی ململانیی سیاسی و ئابوری و تیویرە کۆمەڵایەتیەکانی هەردوو جەمسەردا هیچ هێزێکی تر نەبوو ووزەی هزری خۆی ئاشکراو ئۆرگانەزیم بکات , بۆیە بە هەرەسهێنای بلۆکی سور .لایەنی زووربەی کۆمەڵگا کە چینە ناوەند و پلیشاوەکەی کۆمەڵگا بوو دۆڕا . سەرمایەداری جیهانی بە سەرۆکایەتی ئەمەریکا بوو بە براوەی یەکەم . ئەوەی ئیستا دەسەڵاتی سیاسی ئەمەریکی بە دەستەوەیە . سامانی هیچ کامێکیان لە ملوین و بلوین کەمتر نیە *3. یانی هیچ کام لە وەزارەتەکان و کاربەدەستە باڵاکانی کۆشکی سپی وکابینەکەی بۆش و سیاسەتمەدارانی ئەمەریکا.لە چینی خۆارەوەی کۆمەڵگای ئەمەرکیەوە نەهاتون . بێگۆمان لەشی سیاسی دەسەڵاتێکی وەك ئیمڕۆی ئەمەریکی بەو شێوەیەوە داڕێژراو بێت . دەبێ لە هەموو پڕۆسیسێکی سیاسیدا بەرژەوەندی ئابوری و فراوانی بازاڕ وکرێ کاری هەرزان و مسۆگەرکردنی سامانی سروشتی دەرەوەی کیشوەری ئەمەریکا بە تایبەت ( پترۆڵ ) ئامانجی سەرەکی سیاسیانەیان بێت . یانی لە پێناوی ئەم ئیستراتیجیەتدا ئایدۆلۆژیەکانی دەسەلات دادەڕێژرێ . ویستی سەرمایەداران لە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا نا دیموکراتی و نا کەپیتالیزمەکاندا بە تایبەت کۆمەڵگا خاوەن سامانە سروشتی بەتایبەتی پترۆڵ و( ئیستراتیجیتی زەوی ) .( هەندی ووڵات هەن خاوەنی سامانی سروشتی نین وەلی هەڵکەوتی خاکەکەیان لە لایەن جوغرافیەی سیاسیەوە ڕۆڵی گرنگی هەیە وەك ئەفغانستان ) تەنیا بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی ووزەی زۆری هێزی بەرهەمهێنەر ( کریکاران و جوتیاران ) ە بە هوی چەند فیگوریکی سیاسی ئەو کۆمەڵگایانەوە کە کەپیتالیزمی جیهانی خۆی پێش هەڵبژاردن و ویستی جەماوەر دەستنیشانیان دەکات بۆ بڕواپێهانی زۆربەی خەڵکی بە سیستەم و یاسای کارێك کە بەرژەوەدی سەرمایەداریان لەو ووڵاتانە نەخاتە دۆزێکی بڤ و دورخستنەوەی جەماوەر لە ویستە ڕەسەنە چینایەتی و مرۆییەکانیان و دەستەمۆکردنی تواناکانیان لە مەڕ لەمپەردانان بۆ ویستی سەرمیاکانیان . دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا لە هەردوو جەمسەرەوە ( واتە جەمسەری خاوەن کار وهێزی کار ) کەڵکی هەبووە و هەیە و بەرێژەیی . ئەگەر ( **گەشەکردنی کەپیتاڵ . گەشەکردنی ویستەکانی جەماوەر لە تەك خۆیدا بهێنێ** ) *4 ئەوە ئەو کۆمەڵگایانەی کەپیتالیان تێدا بە شێوەی لۆژیك گەشەی نەکردبێ پرۆسێسی دیموکراسی تیدا سەقەتە .

هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی ووڵاتانی دەرەوەی بلوکی سیستەمی کەپیتالیزمی کلاسیك .*5 ( ئەفغانستان و ئۆکراینە , ڕۆمانیا . ئازربایجان . هەڵبژاردنی داهاتوی عیراق ) هەر هەمووی بە ویستی بەرژەوەندی و ووڵاتانی کەپیتالیزمی ئەوروپی و جیهان بەڕیوە چووە . ئەگەر دیموکراسی جوانترین دیاردە ودەستکەوتی گەشەکردنی کۆمەڵگای سەرمایەدار بێت . ئەو ناشرینترین دیاردە و نادیموکراسی ترین هەڵوێست . دەستتێوەردانی ووڵاتانی سەرمایەدارییە لە پڕۆسێسی هەڵبژاردنی دەرەوەی کیشوەری

کەپیتالیزم و دژی شترۆکتۆری دیموکراسییە . یانی ( دیموکراسیەکانی دنیای سەرمایەداری دژی سترۆکتۆری دیموکراسین لە دەرەوەی کۆمەڵگاکانی خۆیان ) ئەوەشی پاڵی بە کەپیتالیزمەکانەوە ناوە دژایەتی شترۆکتوری دیموکراسی هەڵبژێرن . پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان وکۆنترۆڵکردنی بازاڕی ئەو وولاتانەی دەرەوەی کیشوەری خۆیانە . ئەو کۆمەڵگایانەی ئەمەریکا بە تۆپزی هەڵبژاردنی بەسەردا دەسەپینیٚ جۆرە کۆمەڵگایەکن کە دوورن لە هەموو پرینسیبەکان و ئەدموسفیری هەڵبژاردنی دیموکراسیانەوە . لە بەر ئەوەی پێکهاتەی ئەوکۆمەڵگایانە پێکهاتەیەکی نامۆدیڕنە کۆمەڵگای نامۆدێڕنیش بە دیموکراسی هەڵنجی دیٚ . یاسای بنەڕەتی بۆ پاراستنی مافەکانی تاکی کۆمەڵ و یاسای پاڵپشتی هەڵبژاردن وڕادەڕبڕین . لە کۆمەڵگا ئیفلیجەکاندا بوونی نیە , بۆیە ! چۆن ئەنجامی بەزۆر کردنی کۆمەڵگا بە کۆمەڵگایەکی کۆمۆنیست لە لایەن کۆمۆنیستەکانەوە بیٚ گەشەکردنی کارو سەرمایە و تەکنەلۆژیا و هوشیاری تاکی کۆمەڵ .ئەنجامەکەی هەرەسی بلۆکی سوور بوو. ئاواش بە تۆپزیکردنی کۆمەڵگایەکی بیٚ بنەما مادی ومعنویەکانی گەشەکردنی کۆمەڵگاو یاسایەك کە پشتگیری دەنگدەر و کۆی دەنگ ویاسای هەڵبژاردن بکات , هەڵبژاردن لەو کۆمەڵگایانەدا لە شانۆگەرێکی بیٚ دەق هیچ شتێك تر نیە. با زیاد لەمە ووتارەکە دریژ نەکەینەوە و باس لە هاڵبژاردنی گەلانی عیراقی زۆڵ بکەین . کۆمەڵگای عیراق ( گەلانی عیراق ) خاوەن کولتورێکن.کەتێدا یاسای باوك سالاری نەك لە خێزان و پەیوەندیە تاکەکاندا ڕەنگی داوەتاوە . بەڵکو لە ڕیکخراوە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکاندا بە زەقی دیارە ( لە ناو چەپەکانی کورد و عەرەبیشدا ) . یانی کۆمەڵگای عیراقی کۆمەڵگایەکی مۆدیرن و عیلمانی نیە , بۆیە هەڵبژاردن تێدا بازیە و وەك لەوەی پرۆسیسیکی کۆمەڵایەتی وسیاسی بیت . فەلسفەی هەڵبژاردن لە عیراقدا زیاتر ویستی ئەمەریکیە وەك لەوەی ویستی گەلانی عیراق بیت . ئەگەر ئەمەریکا دەستنیشانی هەڵبژاردنی نەکردایە ئەوە گەلانی عیراق بە چەند ساڵی تریش بیریان لە دیموکراتی و هەڵبژاردن نەدەکردەوە . نمونەی زیندوی هەردوو دەسەڵاتی پریمتیفی کورد ( یەکیتی و پارتی ) هەرچەند ئەمانە خۆیان بە سیوسیال دیموکرات و ئەویتریشیان دیموکراتی کوردستانی وەلی لە کرۆکدا پارتی عەشاییری و تاك ڕەوین .ئەوانەی تریش لە کۆمەڵگای عیراقی کە زووبەی ئیسلامە و لە ناو ئیسلامەکانیشدا زووربە شیعەیە . کە ئاشکرایە شیعەگەری توندڕەوترن لە سوونی . بە پوختەی کە ئیسلام پانتاییەکی فراوانی لە ویژدان و موراڵ و رۆحی عیراقییەکاندا داگیرکردوە . ئیسلام و دیموکراتی وەك پۆزەتیف و نەگەتیفی کارەبا وان بە یەك بوونی دوو جەمسەریان هیچ کاتێك وەزری کارەبا نەك پەیدا نابیٚ و بەڵکو شورت بە هزری کۆمەڵگا و مرۆ دەگەیەنن . ئەم ڕاستیە لە لای ئەمەریکایەکان زۆر ئاشکرایە و کەچی باسیش لە دیموکراتی کۆمەڵگایەکی کەلە بەردی وەك عیراق دەکەن . ئەگەر ئەم پرسیارە ماستە مووداڕەکە بێت . ئەوە ئەو مووە کلیلی کردنەوەی بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکایە لە وولاتێکی دەوڵەمەندی وەك عیراقی . دانیشتوان گەوچدا .

*1 سەرکۆزەر ... بە عەرەبی نخبە

*2 تاریخ فکر السیاسی .... جان جاك شۆڤالییە ... من المدینە الی الدولە القومیە . ترجمە د. محمد عرب....

*3 Die Lügen des Weissen Hauses Hans leyendecker

- 4 خوێنەری هێژا چاوەری ئەم دوو وتارەبکە (کۆمەڵگای چەقیو و کۆمەڵگای بزیوو ) و وتاری (پەیوەندیە بنەوییەکانی کەپیتالیزم بە پرۆسێسی دیموکراتەتیزەکردنی کۆمەڵگاوە ) دووبابەتی بڵاونەکراوەی خۆم .
- 5 – Kampf gegen Demokratie Imitation Von Michael Ludwig –
- -Frankfurter Allgemeine Zeitung…Nr 3 05/01/05

jazachingiani@hotmail.com
www.chingiani.de